# بیرەوەرییەکانم

هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بە خۆشحاڵییەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی سوودمەند بین

## بەشی دووەم — ٥ -

### بۆ ڕێزی سوپا دەگەڕێمەوە

لەگەڵ چەند سەربازێک لە موسڵ بە پاسێکی شوڕی شەق بەرەو کەرکوک بەڕێ کراین ، کاتێک گەیشتینە ئاڵتون کۆپری، هەموویان دابەزین، بەڵام من چونکە پارەم پێنەبوو دانەبەزیم و لە ناو ئۆتۆمبێلەکە مامەوە. ڕاستیەکەی من پارەی یەک چایەم پێنەبوو، لە دواییدا نائب عەریفێک لەوانەی لەگەڵ ئێمە ناردرابوون هات و گوتی: "ئەوە بۆ نایەیتە خوارەوە؟" گوتم: "برا چیت پێبڵێم، ئەوەی ڕاستی بێت یەک فلسم پێنییە لەبەر ئەوە دانا بەزم" نائب عەریفەکە ناوی سەعدوڵلا بوو، دەستی ڕاکێشام و بەزۆری دایبەزاندم، پارەی خواردن و خواردنەوەی منیشی دا. ئیدی وامزانی دنیای داومەتێ، چونکە نائب عەریفەکەم نەدەناسی، درەنگ بوو گەیشتینە کەرکوک، بردنیانین بۆ هەمان بەندیخانەی فرقە، سێ ڕۆژی تریش لەوێ مامەوە، لەدوای سێ ڕۆژ بردمیان بۆ لای ئەفسەرێکی پایە بەرز ئەفسەرەکە بەڕووێکی خۆش گوتی: "تۆ دەبێ خزمەتی سەربازی تەواو بکەیت و بڕۆیتەوە شوێنی خۆت، بۆیە ناردومە بەدوات تا بزانی لە ریزی سوپا دەرنەکراویت"، گوتم: "باشە ئەوە دوو ساڵە بەندم، دوور بووم لەماڵ و کەس و کار ڕێگەم بدەن چەند ڕۆژێک بڕۆمەوەو سەردانێکیان بکەم و بگەڕێمەوە"

ئەفسەرەکە گوتی: "بڕۆوە فەوجەکەت ئاگاداریان دەکەین ڕێگەت بدەن بڕۆیتەوە ماڵەوە" لە دوای ئەو چاو پێکەوتنە گەڕاینەوەو ڕۆیشتینە بەردەرگەی ئینزیباتخانە. لەوێ ئینزیباتێکیان لەگەڵ ناردم، ئەو فایتۆنێکی ڕاگرت سوار بووین و ڕۆیشتینە سەربازگەکە. منیان بردە فوجی سێی لیوای سێ، کاتێک گەرامەوە فەوج چوار ڕۆژ بەبەرگی کوردی بووم، دواتر بەرگی سەربازیان پێدام، بەڵام پێڵاو نەبوو، لەبەر ئەوەی پێڵاوم نەبوو بۆ تەدریب نەیان دەبردم، هەر لە قاوش دەمامەوە، بەیانیەک ئەوەندەم زانی مقدم لیوا لەگەڵ دوو ئەفسەری تر پەیدا بوون، لە شوێنێک لەناو حەوشە وەستان و بانگی منیان کرد کە چوم مقدم لیوا گوتی: " بۆچی ئێرە ئەوەندە پیسە؟" لەکاتی قسەکردنی چاوی کەوت بە قۆندەرەکەم، زۆر بە توڕەییەوە گوتی: "ئەوەچی یە سەربازو پێڵاوی مەدەنی!! ناوی بنوسن و بیهێنن بۆ لام" ڕێگەی پێ نەدام تا بڵێم تازە لە بەندیخانە بەر دراوم و پێڵاو نییە بمدەنێ، ئەفسەرێکی لەگەڵ بوو ناوی ملازم ئەوەل عەبدولغەنی بوو، کاتێک ناوی نووسیم ، پێیگوتم" مەترسە هیچ نییە"

لەگەڵ ئەوەشدا دڵ تەنگ بووم، کە سەربازەکان لە تدریب گەڕانەوە زوو ڕۆیشتمە لای ملازم نوری حەکیم و شتەکەم بۆ گێڕایەوە، ناو براو گوتی: "کەریمە شێت ناوی نووسیویت! مەترسە ئێستا دەڕۆم ئەوەندەی تر شێتی دەکەم" شەوی دوایی ڕۆیشتمە ماڵی ئەمین ڕواندزی، لەوێ مامەوە، ئێوارە ڕادیۆی کردەوە، ڕادیۆی (تەورێز) بەکوردی دەدواو ناوی هەندێ لە ئەفسەرەکانی کوردی خوێندەوە، ئەوانەی لە کۆماری مهاباد پلەی سوپاییان پێدرابوو. بەرێکەوت شەوی دوایی ڕۆیشتمەوە لای ساڵح نادرا ئاغاو مستەفا حاجی ڕەزاق ڕواندزی، هەردووکیان لە قەڵەمی فەوج نائب زابت بوون ، ساڵح برای مامۆژنم بوو، لەکاتی قسە کردندا گوتم: "لەماڵی ئەمین ئەفەندی شەوی ڕابردوو گوێیان دابوە ڕادیۆی تەورێز بەکوردی قسەی ئەکرد، من قسەم تەواو نەکردبوو ساڵح زۆر بە زویری‌و تووڕەیی گوتی: " بێ قەزابی تۆ دوو ڕۆژو کەرتێکە لە بەندیخانە دەرکەوتوویت، تکات لێ دەکەم لای ئێمە باسی ئەو شتانەمەکە، سەری ئێمەش مەخەرە قوڕێ"، من لەسەر خۆم سارد بوومەوە، بەڵام خۆسبەختانە مستەفا زوو بەدەنگ هات و گوتی: "ساڵح جێگەی پەرۆشییە بەو هەڵوێستە چەوتە خۆت نیشان دەدەی، کوڕە هیچی نەگوت، تۆ بەوشێوەیە جوابت دایەوە، خۆ کەسی بێگانە لێرەنییە تا بچیت خەبەر بدات، تۆ بۆ ئەوەندە دەترسیت؟!

ئەو ماوەیەی لە کەرکوک مامەوە هەر شەوێک نۆبەتدار نەبام دەرۆیشتمە ماڵی ئەمین ئەفەندی، شەوێک ئەمین ئەفەندی چەند پیاوێکی لا بوون ڕادیۆی تەورێزیان کردبۆوە کە ناوی کۆماری مهابادی دەهێناو ناوی فەرماندەکانی دەخوێندەوە، گیانم تەزی تێهەڵ دەهات، بەتایبەتی لەوکاتەی کە سروودی سەیرانگای بەهارانی لێ دەدا، دڵم پڕ لە شەپۆلی شادی دەبوو، ئەمین ئەفەندی هەستی کرد من زۆرم پێ خۆش بوو، دوایی پیاوەکان ڕۆیشتن بەمنی گوت: "ئاگاداربە لای کەس باس نەکەیت"

لە ناوەڕاستی مانگی دووی ١٩٤٦ ڕۆژێکی هەینی لەگەڵ کۆمەڵێک سەربازی برادەر لەناو شار دەگەڕاین، لە شوێنێک هەندێک فاڵ گرەوە دانیشتبوون، هەر یەکەیان کتێبێکی لە بەردەم بوو، ڕۆیشتمە لای یەکێکیان، سەیری سەر بەرگی کتێبەکەم کرد، گشت پیتەکانی عەرەبی لەسەر نوسرابوون، پیاوەکە گوتی: "ئەوپیتانە دەبینی! پەنجەت بخەرە سەر یەکێک، بەئارەزوی خۆت" منیش پەنجەم خستە سەر پیتی ( ح )، پیاوەکە دەستی دایە کتێبەکەو گوتی: "یاحەزرەتی نوح" لە دوای کەمێک سەیری کتێبەکەی کردو سەری بەرز کردەوەو گوتی: "تۆ ڕێگەیەکی زۆر دوورت لەپێشە! ئەوەندە دوور دەڕۆیت هەتا کێوەکانی قەفقاس، ماوەیەکی زۆر گیر دەبیت و ماوەیەکی دوور دەکەویتەوە، بەڵام دەگەڕێیتەوە، کەهاتیەوە لێرە لەو کەرکوکە دەبی بە فەرمانبەر، دووەمیان دڵت داوە بەکچێک وازی لێ بێنە بۆ تۆ نابێت"

ئەوەی ڕاستیە ئەوکاتە باوەڕم بەقسەکانی نەبوو، تەنانەت نەم دەزانی کێوەکانی قەفقاس لە کوێن، کەچی لە دواییدا قسەکانی دەقاودەق دەرچوون، کچەکە بۆ من نەبوو، خۆشم لەناو کێوەکانی قەفقاس دیتەوە، لەدوای بڕینی ڕێگەیەکی دوورو مانەوەم زیاتر لە دوانزە ساڵ بە دەربەدەری کاتی گەڕانەوەش یەکەم جار لەکەرکوک بوم بەفەرمانبەر.

لەو ماوەیەدا دەنگۆ پەیدا بوو کەسوپا دەڕواتە ڕواندز، پێش ئەوەی لە کەرکوک بڕۆین، ئێوارەیەک ڕۆیشتمە ماڵی ئەمین ئەفەندی، لەگەڵ وریا لەتارمەکە دانیشتبووین، لەو کاتەدا ئەمین ئەفەندی لەگەڵ هەمان پیاوەکانی جاری پێشوو هاتنە ژورەوە، وریا ڕۆیشتە ژوری خوێندنی خۆی، ئەوان دانیشتن، ئەمین ئەفەندی بەیەکێکیانی گوت: "ئەوەش کوڕی سلێمان بەگی برادەرتە لێرە سەربازە" پیاوەکە گوتی: "بەڕاستی کوڕی سلێمان بەگە؟، دواتر گەڕایەوەو گوتی: "خۆ ئەویش ناوی هەبوو بگیرێت نە ڕۆیشتوە بۆ ئێران؟ لەوکاتیدا یەکێک ئەفسەرێک هاتە لایان، ئەو ئەفسەرە لەناو قسەکانیدا گوتی: "ئەمڕۆ گوێم لەنزیک ترین باوەڕ پێکراو بوو، گوتی: "لایەن و دارو دەستەکەیان زۆر بە پەرۆش بوون بە چوونی مەلامستەفا بۆ ئێران" ئەمین ئەفەندی بەدەنگ هات و گوتی: "ئەگەر مەلامستەفا بۆی کرابایە نەدەڕۆیشتە ئەو دیو، بەڵام شێخ ئەحمەدی برا گەورەکەی‌و هەندێک ئەفسەر پڕۆژەی مەلامستەفایان تێکدا و هاتنی ئەفسەرەکانی ڕوس بۆ بارزان لێرە باوەڕیان لەسەر نەمان و یارمەتیان لێ بڕین"

ڕاستیەکی کاتێک لە سەرەتای ١٩٤٦ لە بەندیخانە ئازادکرام، بەنیاز بووم سەبازی نەکەم، گوتم هەر کاتێ بە ئیجازە بڕۆمەوە ئیدی نا گەڕیمەوەو دەڕۆمە ئەو دیو دەبم بە سەربازی سوپای نیشتیمانی لە مهاباد، بەڵام پەشیمان بومەوەو بڕیارمدا نابێ بە دەست بەتاڵی بڕۆم، لەو دەمانەش دەنگێکم بەر گوێ کەتبوو کە لیوایەکەمان دەڕواتە ڕواندز، ئەوە هیوایەکی بۆدروست کردبووم کە بە دەست بەتاڵی نەڕۆم، چاوەڕوان بووم کەی فەرمانی ڕۆیشتن دەردەچێت، لە ناوەڕاستی مانگی دووی ١٩٤٦دەست بە خۆ ئامادەکردن کرا ، ئەوە بوو بەیانیەک زوو لیوا لە کەرکوک دەرکەوت، پیادە بەرەو سەرو کەوتەڕێ، شەو لەنزیک ئاڵتون کۆپری ماینەوە، ڕۆژی سێیەمی ڕۆیشتن گەیشتینە هەولێر، دوو- سێ ڕۆژ لە هەولێر ماینەوە، لەوێش بە خانزادو بەستۆڕە تێپەڕین، هەورازو سەرەژێری پیرمام، کەندو دۆڵی کۆڕێمان بڕی، لە خوار شەقڵاوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باران ڕایگرتین، دواتر لەوێش بەرەو میراوەو سیساوەو باویان و حەریرو گولەک، ئەوسا بەرەو لۆفەکانی سپیلک، شەو لە خوار کەڵەکین ماینەوە، دوا قۆناغ گەیشتینە زار گەلی عەلی بەگ، لەدیوی دەشتی ڕواندز لەنزیک گوندی باڵەکیان دابەزین، ئەو شوێنە بوو بە سەربازگەی جێنشین، دەست بە دامەزراندنی سەنگەر لە دەوری سەربازگەکە کرا ، سەنگەرەکەی پشتی قشڵەی پۆلیسەکان کە بەسەر گوندی باڵەکیان دەیڕوانی بەئێمە سپێردرا، ئەمەش بەدڵی من بوو.

لەو گێڕانەوەیە دەردەکەوێ کە ڕێگەیەکی دوورمان بەپێ بڕی بوو هەتا لە زار گەلی عەلی بەگ نیشتەجێ بووین، لە ژێر تەڕو تووشی ڕۆژانی باران. ئەو ڕۆژانەی لە هەولێر بووین بڵاو کراوەیەکم دەست کەوت، دەربارەی کۆماری دامەزراوی مهاباد بوو، وێنەی پێشەوا قازی لێدرابوو، تەواو دڵی شادکردبووم. سوپا لە زارگەلی خەریکی خۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی سەنگەرەکان بوو، کەچی من کەوتبومە بیر کردنەوە بۆ دەست نیشان کردن و ڕەچاو کردنی ڕێگەیەکی گونجاوو لەبار بۆ پێدا دەرباز بوون. زۆر بەوردی ڕێگەکانم خستنە بەر چاو دێلیزیان، سەری بەردیو باپشتیان و جندیان، ئەم ڕێگەیانەم پەسند نەکردن. دەرچوون بەو ڕێگەیانەدا مەترسی زۆی هەبوو، بۆیە ڕێگەیەکی دیکەم ڕەچاو کرد ئەگەر چی دوورو پڕ زەحمەتیش بوو، بەڵام لەسەدا سەد سەرکەوتنی تێدا بەدی دەکرا، ئەویش ڕێگەی گۆڕەزو بەسەر کەوتنی بەنی باڵەکیان و دابەزین بۆ ناوگەلی عەلی بەگ و پەڕینەوە بۆ بەری هەندرێن، بێگومان دەبوایە ئەو نهێنیە تا کاتی ڕۆیشتن هەر لای خۆم بێ.

لەو کاتەی گەیشتینە زارگەلی بۆ چاو پێکەوتنی هەندێ لە گەنجە باوەڕپێکراوەکان چەند جارێک ڕۆیشتمەوە گوندەکانمان. لە(دۆڵەمنجەل) چاوم بەچەند لاوێکی خوێن گەرم کەوت. توانیم ڕازیان بکەم تا لەکاتی پێویست بڕۆین بۆ مهاباد بۆ خزمەتی کۆماری‌کوردستان. هەروەها لەناو سەربازگەکەش لەگەڵ کۆمەڵێک سەربازی دۆست و برادەر لەو ڕووەوە قسەمان کردبوو، ئێوارەیەک زانیم مستەفای‌حاجی ڕەزاق بەند کراوە، چوومە لای، دیار بوو لەژێر خیوەتێک داندرابوو، نۆبەتداری لابوون، ناوبراو لەسەر ئەوە گیرا بوو لەگەڵ زابتی خۆی بەشەڕ هاتبوو، هەر ئەو ڕۆژە چاوم بە ئیسماعیل عارف)کەوت، ناوبراو عەریف عاشای فەوج بوو، ئەویش بەنیاز بوو بۆ مهاباد بڕوات، ئەگەر چی برادەرم بوو، بەڵام نەوێرام خۆی لێ ئاشکرا بکەم و بڵێم منیش بەو نیازەم، هەستم کرد هەڵوێستی زۆر باش بوو، دیاربوو کە هەست و گیانی کوردایەتی هەیەو مرۆڤێکی کورد پەروەرە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی پێی بڵێم لەگەڵ خۆمت دەبەم! لەو گەنجانەی لەگەڵیان دوابوم لە دۆڵە منجەل ئاگاداری ئیسماعیل مامەشێخەم کرد تا بۆ شوێنی دیاری کراو بێت بۆ بردنی چەک، بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٤٦ ڕۆیشتمە ماویلیان بۆ ئەوەی ئیسماعیل ئاگاداربکەم، چاوم پێی کەوت، شوێن و کاتم بۆ دەست نیشان کرد کە کەی بێت، پێش ئەوەی ئیسماعیل بێت ئەو دوو سەربازەی بەڵێنم پێدابوون کە بیان گەینمە گوندی وەرتێ ئاگادارم کردن تا شوێنی دیاریکراو ئامادە بن. پێم گوتن کاروانێک دێت و دەچێتە لای ئێمە لەگەڵ خۆیان دەتان بەن هەتا وەرتێ. هەر بەوشێوەیەش بە ئیسماعیلم ڕاگەیاندبوو کەوا دوو سەرباز دێنە ئەو شوێنەی بۆ تۆ دیاری کراوە بیان غافڵێنە تا من لەسەنگەر دەردەکەوم، ئەگەر من نەهاتم پێیان بڵێ کاروان دوورە هەتا دەگاتە ئێرە زۆری پێدەچێت، بەڵام بانەزانن من دێم و تۆ چاوەڕێی من دەکەیت، نەوەک بۆم ڕێک نەکەوێت چەکەکان دەربخەم، ئەو کاتەی من دەرکەوتم با ئەو کاتە بزانن مەترسی نیە. ئێوارە ئیسماعیل لە شوێنی دەست نیشان کراو دەرکەوت، لەگەڵی ڕۆیشتمە دوکانی سوپاو هەندێ پێویستیم بۆ ڕێگە کڕی، ئیدی ئەو ڕۆیشت بۆ شوێنەکەو منیش گەڕامەوە بۆ سەنگەرەکە، بۆخۆم جێگری ئامیر عەزیرە بووم، نائیب عەریفمان لە نەخۆشخانە بوو، بەشێوەی پێویست نۆبەتدارم دیارکردن، لە دیوی لای دەرگەی سەنگەر خۆم نۆبەتدار بووم لەلایەکەی تری خیوەت سەربازێکی عەرەب بە ناوی حەسەن جمعە نۆبەتدار بوو، خەڵکی دیوانیە بوو، ئەوانەی گۆڕیمانن خەویان لێ کەوت، شەو ڕاکشا بوو، لەو کاتەش لەخوار سەنگەرەکە چەمارۆی سەگەکانی شوان بوو ڕۆیشتمە لای حەسەن و پێم گوت: "وشیار بە سەگەکان ئاڵۆزن دیارە شتێک هەیە"

گەڕامەوە ناو خێوەت ،هەموویان نوستبوون، تفەنگەکانم خستنە باوەش و بردنم بۆ لای ئیسماعیل، دوو سەربازەکەش لەوێبوون ،گەڕامەوە فیشەک و ڕەشاشم لە دەرگەی سەنگەر بەجێ هێشت لەبەر ئەوەی دەم زانی پێمان دەرناچێت، زوو بەزوو هەریەکەی هەندێ فیشەکم پێدان، هەریەکەی تفەنگی زیادیشیان هەڵگرت و کەوتینە ڕێ، ئیدی بە گۆڕەزدا بۆ سەر بەنی باڵەکیان سەرکەوتین ، شەوێکی بەهاری بوو ...

### ڕیزی سوپای عێراق جێدەهێڵم

پێشتر باسک کردبوو کە دادگەی عورفی لە کەرکوک بەبێ هیچ هۆ بڕیاری بەند کردنی دام، دوو ساڵ بەندی‌و ئەزیەت و دەردە سەری، بەنیاز بوون گوایە خزمەتی سەربازیان بۆ تەواو بکەم، بەڵام بەپێی ئەو بڕیارەی بەخۆم دابوو دەبوایە لە ڕیزی سوپای عێراق ڕابکەم، کاتێ لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٤٦ هەڵکەوت بڕیارەکەم جێبەجێ کردو لەسەنگەر دەرکەوتم، لەگەڵ هاوڕێکانم ڕێگەی بەرەو سەرکەوتنم گرتە بەر، بەگۆڕەزدا سەرکەوتین، شەوێکی بارانی بوو،من و ئیسماعیل مامە شێخە لەگەڵ دوو سەربازی تر کە ناویان حەمە عەزیزو نورەدین بوو لەگەڵ دەرکەوتنی ئاسۆی بەیانی لە کێوی بەنی باڵەکیان سەرکەوتین، بەڵام تا سەرکەوتین زۆر هیلاک بوین، لەبەر ئەوەی پاش باران بوو حەوت تفەنگ و هەشت سەد فیشەکمان پێبوو، باشیش شارەزای ڕێگە نەبووین، لەگەڵ ئەوەشدا باش ڕۆیشتین ولەکاتێکی باش بە سەر لوتکەی بەرزایی کێوی بەنی باڵەکیان کەوتین. دوای پشوو دان ڕووناک داهات، لەوێوە سەیری سەربازگەو ڕێگەو بانەکانی دەشتی ڕواندزمان دەکرد، ئەو دەشتەی ئێستا پێی دەڵێن دەشتە دیان، زۆر بە باشی لێمان دیاربوو کە سەربازەکان لەو دەشتە پەرت و بڵاو ببوون، لە سەر ڕێگەکانی بادلیان و سەری بەردی‌و ناو ڕۆین و هاودیان و مەزنەو باپشتیان و گەروی سۆرە پەلۆکێ و جندیان بە دوای ئێمەدا دەگەڕان.

ئێمە تا نزیک خۆرئاوا بوون لەوێ خۆمان بوارد. هەندێ مەخزەنی ڕەشاشمان پێ بوو، پڕبوون لەفیشەک، بەتاڵمان کردن و مەخزنەکانمان لەوێ شاردنەوە، پێش ئەوەی تاریک دابێ سەرەو ژێر بۆ ناو گەلی دابەزینە خوار، لەگەڵ داکەوتنی تاریکی گەیشتینە سەر پردی کانی ماران.

**ماوەیەتی**



**لە چەپەوە بۆ ڕاست : مامند مەسیح، سلێمان بەگ ، ئەوانی تر نەناسراون ١٩٦٢ جندیان**


## ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

**ئۆفیسی سلێمانی**

گەڕەکی مشیراوا، نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

**ئۆفیسی هەولێر**

شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢ ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

**ئۆفیسی کەرکوک**

حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چوارباخ، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

**ئۆفیسی ڕانیە**

شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com